
# سنوردانان بۆ ئازادیو ئیمزای دژی ئازادی مەحکومە

## عوسمان حاجی مارف



بەدوای دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ سنوردانان لەسەر ئازادی رۆژنامەگەری، نارەزایەتیەکی بەرفروانو تورە هاتە مەیدان، بە مۆری رەش ریسوایی ئەو بریارەیان خستە سەر شانۆی کیشمەکیشی سیاسیەوە.

پیش هەموو شتیك دەنگی خۆم دەخەمە ریزی ئەو نارەزایەتیانەو ئەو جۆرە بریارانە مەحکوم دەکەمو پیوستە پەرلەمان هەلوەشیتەوەو بدریٚت بە دادگا.

ئەوەی بە پیوستی دەزانم لیرەدا باسیکی لیوە بکەم، مەسەلەی ئازادی سیاسیە لە واقعیەتی ئیستای کوردستاندا.

ئەتوانم پیٚ لەسەر ئەوە داگرم کە لە 16 سالی ربورداو لە سایەو بە دەوری دەسەلاتی هەردوو حزبی ناسیونالستی میلشیاییدا، درۆشمیك،یاسایەك، بەندیٚك نەبووە باس لە پارستنی ئازادی سیاسی بکات، واقعیەتیك لە کوردستاندا بەریوەچوە بەدوای سالی 1991 "ئاوالەیی سیاسی" بووە نەك "ئازادی سیاسی"، ئەم دوانە زۆر جیاوازن، ئەوەی یەکەمیان واتە "ئاوالەیی سیاسی" لە چوارچیوەی فەزایەکی کۆمەلایەتی وەهادا فەراهەم دیٚت کە لایەنی دەسەلاتدار کە بۆ خۆی لە بەرەی دژی ئازادی سیاسیە، نەیتوانیوە هەژمونی خۆی بەسەر کۆمەلگەدا دابمەزرینیتو دەسەلاتەکەی سەقامگیر بکات، لەو حالەتدا فەزایەکی ئاوالّەی وەها فەراهەم دیت، کەخەلك مل کەجی زۆر لەسیاسەتو بریار و یاساکانی لایەنی دەسەلاتدار نابن، دەسەلاتداریش لە بیٚ توانایی خۆیدا ناچارە چاوپۆشی لە زۆر شت بکات، بۆیە چوارچیوەی بەریوەچونی کۆمەلگە شیوەیك لە ئازادی سیاسی بەخۆوە دەنوینیٚ، بەلام لە واقعدا ئەو حالەتە وەك سستمی سیاسی رەسمی دەولەت ناوی ئازادی سیاسی نیە، دابین کردنو پاراستنی ئازادی سیاسیشی لیٚ بەدەست نایەت، لە هەر ئالوگۆریکدا قابلی هەلگەرانەوەیە، بەلام ئەوەشمان بۆ دەسەلمیت، گەر لە خەلکی بگەریٚن ئەوە بۆ خۆیان ئازادی خوازنو ژیانی ئازاد بەریوە دەبەن، ئیتر ئازادی قوتابخانەو فیربونو پرۆسەی ناویٚت.

ئەوەی یەکیتی و پارتی باس لەسەر ئازادی سیاسی دەکەنو خۆیانی پیوە با ئەدەن، هەلومەرجیٚکە لە دەرەوەی دەسەلاتو هەژمونی ئەواندا پەیدا بووە، چونکە وەك دوو هیزی سیاسی ناسیونالستی کورد، بەرژەوەندیەکانیانو دەسەلاتی حزبایەتیان لەسەر بنەمای ئازادی سیاسی پیناسە نەکردووەو نایکەنو ئەهلی ئەوە نینو نەبون، تەجروبەش زیاتر رۆشنی کردوە کە کۆمەلگەیان بە چ دەردو فەلاکەتیك گەیاندووە، هەرە نمونەی بیٚ وینەی گەندەلیو جەردەیین، کەچی وەها خۆیان نیشان ئەدەن کە ئەم فەزایە دەستکەوتو خەلاتی ئەوانە دراوە بە خەلکی، بەلام لە واقعدا هەرکات بۆیان بگونجیٚ چەپۆکی ئەمالن بەسەر ئازادیاکانداو دەیانەویت بۆ ئەبەدیەت دەسەلاتیان پاریزراو بیٚت، تا سامانی گەندەلیو جەردەییان زیاتر کەلەکەبکەن، بەلگە نەویستە کەمیلشیاییو جەردەیی دوژمنی ئازادی سیاسین.

ئەو هیزانەی ئازادی خوازن‌و هەلگری دروشمی ئازادی سیاسین، وە مەسەلەیان دابین کردن‌و پارستنی ئازادی سیاسیە، دەبینین هەتا لە دروشمەکەیاندا ووردکاری بەکار دەهێنن، وەك "ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی ".

هیزیکی سیاسی ئەتوانی خاوەنی بانگەوازی ئازادی سیاسی بیت کە ئازادی سیاسی مەسەلەیەکی ئنسانی‌و جدیە بۆی، هیزەکەی لە خزمەتی ئازادی سیاسدا قال دەکاتەوە، لە هەر شوین‌و جیگاو کاتیکدا پێشیل کردنی ئازادی سیاسی بەرەورووی هاتەوە، قەبولی ناکات‌و دەیکاتە هەراو بەری پێ دەگرێت، پیش هەموو شتیك دادگایی بۆ ئەو کەس‌و لایەنانە دادەنیت کە رێ بە ئازادی دەگرن‌و ئازادی سیاسی پیشل دەکەن. ئەو دەزگاو هیزانەی لە دەسەلاتداریتیدا پیکیان دەهینینت‌و دایان دەمەزرینیت، پەروەردەی پاراستنی ئازادی‌و ئنسانیەتن، ئەو کات ئەتوانین دان بەوەدا بنین کە کۆمەلگەیە ئازادی سیاسی تیا پیادە دەکرێت، کە دادگایی بۆ ئەو کەسانە دانرێت بەر بە ئازادی دەگرن.

واقعیەتی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستاندا بە هیزی ئاسایش‌و پیشمەرگەو پۆلیسەوە بۆ پاراستنی حزبەکانی دەسەلاتدارە لە بەرامبەر ئازادی خوازی‌و هەرەشەو نارەزایەتی خەلکیدا، کابوسیکن لە بەرامبەر ئازادی سیاسی‌و مافی ئینساندا، جگە لەو هیزە چەکدارانە هەرچی پیك هاتەو دەزگای تر هەیە بە تایبەتی پەرلەمان، کارتۆنی‌و بێ بایەخەن، ناتوانن سیمای دەولەتیکی جیگیر لە خۆیان نیشان بدەن، بونەتە مەلبەندی لوشدان‌و دابەشکردنی سامانی خەلکی بەسەر گەورە پیاوانی حزبەکاندا، ئازادیش بۆتە قوربانی‌و ژیر پێی پیرۆز راگرتنی هیزی پیشمەرگەوە.

ئاشکرایە کە پەرلەمانی ژیردەستی هیزی میلشیایی، لە هەولی ئەوەدا دەبێت تاقی کاتەوە کە ئایا ئەتوانن‌وتوانای ئەوەیان هەیە دەنگی رۆژنامەکان کپ کەن، بەلکو هەرچونیك بیت لەم فەزای ئازادی‌و ئاوالەیی سیاسیە بەسەلامەت بینە دەرەوە.

جا بۆ ئەوەی سنور بۆ ئازادی رۆژنەماگەری دیاری بکەن!. ناچارن دەنگ بە بریاریك بدەن‌و بینرن بۆ بەردەم سەرۆکی هەریم، بەلام تا دەگاتە لای سەرۆکی هەریم بۆ ئیمزا کردن، هەرای خەلك‌و دنیا ئەوەیان پێ دەسەلمینیت، کە جارێ ماوتانەو پەلە مەکەن، ئەم ئەوزاع‌و ئەحوالەی ئیستا کوردستانی پیا تیپەر ئەبیت، شانسی مۆر کردن‌و ئیمزای ئەو بریارەتان نیەو کاتی ماوەو مەعلومیش نیە کەی بۆتان دەلوێت.

واز لە خەلك‌و سەرکوتی ئازادی رۆژنامەگەری بهینن، بە فریای وەزعیەتی بێ چارەو بێ ئاسویی‌و چارەنوسی خۆتان بن لە بەرامبەر دەولەتی تورکیاو ئیران‌و مادەی 140و کیشەکانی حکومەتی عیراقدا...، سەرۆکی هەریم چۆن دوای ئەو هەموو هەرەشە بەتالەی لە دەولەتی تورکیای کرد، پەنجەکانی توانای ئەوەی هەیە قەلەمی ئیمزای دژی ئازادی بەدەستەوە راگرێت.